# ( نیکۆلای رمنسکی کورساکوف )
# عاشقەکەی شەهرەزاد....

و/هێمن مەحمود

دەربەندیخان

" نیکولای هەر لە منالّیەوە پەیوەست بوە بە دەریا و مۆسیقاوە , ئەو کە توانی لە کەشتیگەلی ڕوسیدا پلەی ئەفسەری وەربگرێت , لە هەمانکاتیشدا ببێت بە ناوبانگترین دانەری مۆسیقا لە جیهاندا ئەویش بە هۆی پێگەیشتوی مۆسیقا کەی و دەولّەمەندییە هونەرییەکەی و ڕەگەزە فۆلکلۆرییە ڕوسییەکانیەوە کە زۆربەی بیناکردنە سەرەکیەکانی بەرهەمەکانی پێك دەهێنێت ."

( نیکۆلای ئەندریوفیتش رمنسکی کورساکوف ) لە 18 / ئازار ی سالّی 1844 لە شاری ( توخفین ) کە دەکەوێتە ( موقاتەعەی نوفوکورد ) ی ڕوسییەوە لە دایك دەبێت , کاتێکیش کە ئەم لە دایك دەبێت باوکی تەمەنی ( 60 ) سالّ دەبێت .

مۆسیقا بەشێکی سەرەکی و شوێنی گرنگی ئەم خێزانە بوە , بەلاّم ( نیکۆلای ) لە بواری ژەنینی پیانۆدا شتێکی زیادەی وەها فێر نەبوو , لەگەلّ ئەوەشدا دایکی هەولّی چەند بنەمایەکی سەرەکی ( لە بواری میلۆدی مۆسیقای تەقلیدیدا ) فێری کوڕەکەی بکات .

لەگەلّ ئەوەشدا مامەکەی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە ( نیکۆلای ) ی لاو هەموو جار هانی ئەدا کە زیاتر خۆی ماندوو بکات لە ژەنینی مۆسیقادا , هەرچەندە نەیتوانی لەسەر دەستی مامۆستای بە توانا فێری مۆسیقا بێت , بەلاّم ئەم لاوە توانی خۆی فێری مۆسیقا بێت .

لە بەرئەوەی کە خۆی خۆی فێری مۆسیقاکردوە دەبینین کە ناوبانگێکی وەهای بەدەست نەهێناوە لە بواری ژەنینی پیانۆدا .

لە لایەکی ترەوە ( نیکۆلای ) دەریای زۆر خۆشدەویست و خەونی ئەوە بوو وەك براگەورەکەی ( فوین ) ببێتە دەریاوانێکی سەرکەوتوو .

هەر بەفعیلیش ( نیکۆلای ) لاو لەسالّی 1856 پەیوەندی دەکات بە خوێندگای دەریاوانییەوە لە ( بطرسبرغ ) ,سەرەڕای ناڕازیبونی براکەی لەسەر ئەم کارە.

لەو شارە گەورەیەدا ( نیکۆلای ) فرسەتێکی زێرینی بۆ هەلکەوت تاوەکو ئاگادری ئۆپێراکان و سەمفۆنیاکان بێت , بە تایبەتیش مۆسیقای :کلینکا و بیتهۆڤن و میندلسن کە ( نیکۆلای ) بە شێوەیەکی گەورە پێیانەوە پەیوەست بووە .

( رمنسکی کۆرساکوف ) سالاّنی ( 1857 – 1858 ) ی لە سەر پشتی پاپۆڕی ( بروخور ) ی سەر بە کەشتیگەلی ڕوسی بەسەربرد , کە براکەی لێپرسراوی بووە و کە دواتر دەبێت بە بەڕێوەبەری خوێندگای دەریاوانی ( بطرسبرغ ) .

بەلاّم ( کورساکوف ) دوای گەڕانەوەی لە سەفەرە دەریاییە مۆسیقارێکی بەهرەدار دەناسێت بە ناوی ( کانیل ) کە ئەمیش یەکێك دەبێت لەوانەی موعجیبی مۆسیقای ( کلینکا ) دەبێت .

چەند وانەیەکی مۆسیقا فێری ( کورساکوف ) دەکات و لە سالّی ( 1861 ) خزمەتێکی گەورەی دەکات لە ناسینی ( میلی بالاکیریف ) دا.

دواتر ( کورساکوف ) دەبێت بە ئەندامی ( المجموعة الخماسیة) کە پێك دەهات لە هەریەك ( کورساکوف , بالاکبریف , بوریدین , موسورجسکی , کوی ) .

بە هۆی زۆر خۆشویستن و سەرسوڕمانی زۆری بە هاوڕێ تازەکەی ( بالاکیریف ) , کورساکوف پێشنیاری ئەوە دەخاتە بەردەمی کە بەشداری بکات لە نوسینی سەمفۆنیایەك و پارچە مۆسیقایەکی گالّتە ئامێزدا .

بەلاّم ( کانیل ) ی مامۆستای ڕێنمایی ئەکات کەوا خەریکی وەرگرتنی وانە مۆسیقییەکان و نوسینی مۆسیقا بێت .

هەر بە فیعلیش ( کورساکوف ) چەند گۆڕانکارییەك دەکات لەو سەمفۆنیایەی کە دەستی کردبوو بە نوسینی , بەلاّم لە هەمانکاتیشدا سوربوو لەسەر ئەوەی کە ببێت بە ئەفسەری کەشتیگەلی دەریای ڕوسیدا .

هەر بۆیە دەستی کرد بەسەفەرێکی درێژ جیا لە هاوڕێ مۆسیقییەکانی و هەموو پرۆژە مۆسیقییەکانی خۆی دواخست .

هەر ئەم سەفەرە درێژە هەلی ئەوەی بۆ ڕێکخست کە سەردانی ( ئینگلتەرە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چەند ولاّتێکی دەریای سپی ناوەڕاست بکات .

( كورساكوف ) له بواری دەریایدا وەك ئەفسەرێك هەتاوەكو سالّی 1872 بەردەوام بوو ,بەلّام هەر دوای گەڕانەوەی بۆ ( سانت بطرسبيرغ ) و بەشێوەیەكی خێرا لەگەلّ ( بالاكيريف ) دا دەستی كردەوە بە مۆسیقا پاش ئەوەی كە كۆمەلّەكەیان یەكێكی تازەی تری تیّ هات , ئەویش مۆسیقارێكی بەهرەدارو مامۆستای كیمیا ( بورودین ) بوو .

دوای ئەوە ( كورساكوف ) یەكەمین كاری مۆسیقی گەورەی خۆی بۆ خوێندگای مۆسیقای دەریاوانی كرد .

ئەم كارەی سەركەوتنێكی گەورەی بە دەست هێنا ,زۆر بەزویش ( لومیلیا ) ی ناسی كە براكەی ناوی( كلینسكا ) بوو یەكێكیش بوو لە مۆسیقارە بەناوبانگەكانی ڕوسیا.

بەهۆی سەردانە بەردەوامەكانیشیەوە بۆ سالّونە مۆسیقەیكەی ( لومیلیا ) یەوە توانی زۆرێك لە ڕووە كۆمەلّایەتیەكانی ( سانت بطرسبرغ ) بناسێت , پەیوەندییە بەهێزەكانی خۆشی لەگەلّ مۆسیقار ( موسور جسكی ) بهێلّیتەوە و لە شوقەیەكدا پێكەوە بژین .

كاتێكی زۆر تێنەپەڕی تا ( كورساكوف ) توانی ببێت بە مامۆستای ( الكونشرتو ) و دانەری مۆسیقا لە ( سانت بطرسبيرغ ) دا .

كە دواتر دەبێت بە مامۆستایەكی بەناوبانگ و چەندین خوێندكاری مۆسیقی و شوێنكەوتوی دەبێت كە ڕێز و تەقدیرێكی گەورەی لێدەگرن و دواتر هەندێك لەوانە دەبن بە مۆسیقاری بە ناوبانگ وەك ( كلازونوف , سترانافسكی ) .

لە هەمانكاتیشدا یەكێك لە هەرەكارە بەناوبانگەكانی خۆی تەواو دەكات كەلەئیشێكی مۆسیقی هەنەرمەندی گەورەی فەرەنسی ( بيرليوز ) وە وەریگرتوە كە ناوی سەمفۆنیای ( سادكو ) یە , دواتریش ئیشێكی تر دەكات بەناوی ( انتار ) .

( كورساكوف ) دوای مردنی براكەی لە سالّی ( 1872 ) , ( نادجا بوركولد ) دەهێنیّ كە ئافرەتێكی جوان و خاوەن بەهرەیەكی زۆر بوو لە ژەنینی پیانۆ دا.

مانگی هەنگوینی خۆشی لە سویسرا و ڤییەنا و فارسوفیا و دەریاچەكانی ئیتالیا بەسەر برد .

لەگەلّ كۆتایی هاتنی سالّی 1872 شدا ( كورساكوف ) بوبە پشكنەری گشتی هەموو تیپە مۆسیقییەكانی دەریاوانی ڕوسی كە ئەمەش پلەیەكە جگە لە ناودارەكان كەسی دیكە ناتوانێت بە ئاسانی وەدەستی بهێنێت.

هەركە سالّی ( 1877 ) یش دێت ( كورساكوف ) كۆمەلّێك پارچە مۆسیقای گەورە بلّاودەكاتەوە كە ( 100 ) گۆرانی میللی ڕوسی لەخۆدەگرێت , هەروەها دەست دەكات بەنوسینی ( كابریسیور سانیول ) و ( عید روسياالكبير ) و پارچە مۆسیقای ( شەهرەزاد ) كە دەبێتە هۆی بەناوبانگ بونی لە هەموو جیهاندا .

دوای سەفەرەكەشی بۆ( بروكسل ) پاشتریش گەڕانەوەی ,بۆی دەردەكەوێت كە ژنەكەی توشی نەخۆشی بوە.

هەربۆیە بە خێرایی منالّەكانی دەبات بۆ لادیّ و دوریان دەخاتەوە تاوەكو لەو نەخۆشییە بیانپارێزێت كەچی لەگەلّ ئەوەشدا ( سلافشیك ) ی كوڕی بەهەمان نەخۆش دەمرێت و دواتریش كچەكەی بەهەمان دەرد دەمرێت .

ژنەكەشی لە سەرەتاكانی سالّی ( 1892 ) دمرێت , كە هەموو ئەمانەش توشی بێتاقەتی و نائومێدی دەكات و باری تەندروستی خراپ دەكات , بەجۆرێكی وەها ناتوانێت هیچ ئاوازێك دابنێت یان گویّ لەهیچ جۆرێك مۆسیقاش بگرێت .

بەلّام بە مردنی مۆسیقاری ڕوسی گەورە ( جايكوفسكي ) لەتەنهاییی بارودۆخە ناهەموارە دەروونییەكەی ۆی ڕزگاری دەبێت و لەسالّی 1893 دوكاری مۆسیقی گەورە بۆ یادی ( جایكوفسكی ) پێش كەش دەكات .

لەگەلّ دەستپێكردنی شۆڕشی ڕوسیشدا لەسالّی ( 1905 ) دەست دەكات بەنوسینی ئۆپەرێتی ( الديك الذهبي ) و نوسینی بیرەوەرییەكانی .

بەلّام بەهۆی توشبونی بە ( ذبحة الصدرية) لەسالّی 1908 ودواتریش بۆ جاری دووهەم لە 1908/5/12 دا دەمرێت .

( نیكۆلای رمنسكی كورساكوف ) بیّ هیچ ڕكابەرییەك مامۆستای ئۆركسترای ڕوسی وگەشەپێدەری مۆسیقا و فۆلكلۆری ڕوسی بوە .

كەتوانی لەمۆسیقایەكی ناوچەییەوە بیگەیەنێت بە مۆسیقایەكی جیهانی .

كەهەموو ئەمانەش وەهایان لێكرد كە ببێت بە یەكێك لە دانەرە مۆسیقیەكان لە جیهاندا ئەویش بەهۆی دەولّەمەندی و ناوارتەیی و پاكێتی بەرهەمە مۆسیقیەكانییەوە .

**ڕۆژنامەی ( الاتحاد )**

**وەریگێڕاوە بۆعەرەبی**

**لەڕۆژنامەی**(hegrande comp)